


Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

وەزارەتی ڕاگەیاندن

١٩٧٣

کارگێڕیی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی

ئەم ڕابەرە بەبۆنەی یۆبیلی « ٧٥ » ساڵەی
ڕۆژنامەی « کوردستان » ، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی
چاپکراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشـــەکی

دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ، لە کاتی خۆیدا بە زمـانی کوردی ، وەرچەرخانێکی گەورەو مانایێکی قوونی لە میژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەبووە ۰ هەستی نەتەوایەتی لە کن نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی ، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم گەیشتبووە ڕادەیێکی وا کە ڕێگاو شوێن بدۆزێتەوە بۆ قورتاربوون و هەڵکردنی ئالای ئازادیو بەختیاری، وە لەهەمان کاتدا بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆسیالیزم کە لێشاوی گەیشتبووە ناوچەی ڕۆژهەڵات ، کارێکی توندی کردبووە سـەر پەرەسـەندنو بڵاوبوونەوەی ئـــەم هەســتە نەتەوایەتییە ، بـــۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی ، لەبەر ئەوە چەند ڕێکخراو دامەزرا ، چەند ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب دەرچوو و بڵاوکرایەوە بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە ۰

گومانی تێـدا نییە کـە ئەو زرووفە ناخۆشەی بەسەر میللەتی کورددا هات ، ئەوەندە کوشندەو کاریگەربوو ، بە هەزاران ڕۆڵەی نەبەردو نەبەزی میللەتەکەمانی ئاوارەکردو سەدان قوربانی پێشکەشکرد لە ڕێگای ئازادیو بەختیاریدا ، لەگەڵ ئەو هەموو چەرمەسەریو ناخۆشییەش بە هیچ جۆرێك هەستی نەتەوایەتی نەکوژایەوە هەر لە بڕەو پێشەوەچووندا بوو ۰۰ زۆران لەم ڕۆڵـە نەبەزانەی کورد پەرتوبڵاو بوونەوە بە گێتیدا ، هەندێك لەوانە لە ووڵاتە عەرەبییەکان جێی خۆیان کردەوە ، میقـــداد میدحەتو عەبدولڕەحمـــان بەدرخان لـــە قاهیرە بـــۆ یەکەمین جار لـــە میژوودا ڕۆژنامەی کوردییان بە زمانی کوردی بە ناوی « کوردستان » بڵاوکردەوە لە ٢٢ ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ .

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لێرەدا پێویستە دەوری شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ لە بیر نەکرێ ، کە دەرئەنجامی
فراوانی ڕۆشنبیری بۆ میللەتەکەمان کردەوە ، بۆ دۆزینەوەو گەیشتن بە بنچ و
بناوانی ئەو سامانە نەتەوەییەی بە ڕۆشنبیریەمان کە هێشتا لە دەوری نەبوون و
ساغکردنەوەدابوو ، ئەوەش بە هەوڵو کۆششی هەندێك لەو خوێندەوارە
ڕۆشنبیرانەمان هاتە دی کە نیردرانە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن و بوون بە پسپۆر
هەر یەکەو لە نیختیساسی خۆیدا ٠

وابوو بۆ یەکەمین جار ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ڕۆژی ٢٢ی
نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە شاری قاهیرە دەرچووبوو ، لە لایەن دوکتۆر مارف
خەزنەدار لە نامەخانەی ئاموژگای ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی
سوڤیەت لە لینینگراد دۆزرایەوە ، وە بۆ یەکەمجار لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی
« برایی » باسێکی لەسەر نووسی لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٦٨ ، وە
زەنگوغرافی لاپەرە یەکی لێ بڵاوکرایەوەو پێشنیازکرا کە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو
ساڵێك بکرێ بە جەژنی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، بەمە جوواڵنەوەی ڕۆشنبیریی
کوردیمان کەوتە قۆناخێکی تازەتر ، لە تێکۆشانی ڕزگاری خوازیو گۆڕانی
ڕۆشنبیریی کوردیماندا ٠٠

دووبارە پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨ ، ڕۆژنامەگەری
کوردی نەشۆ نمای کردەوەو پەرەی سەند ، بە تایبەتی پاش بەیاننامە مێژوویی یەکەی
١١ی ئادارێ پیرۆز ٠٠ وە ئیمڕۆ حکوومەتی شۆڕش بێجگە لەوەی کە خۆی چەند
ڕۆژنامەو گۆڤارێکی کوردی دەردەکات ، ڕێگای بەوەش داوە کە چەند ڕۆژنامەو
گۆڤار بە زمانی کوردی لە هەموو لایەك دەربچیو بڵاوبکرێتەوە ، وە بەستنی
ئەم پێشانگەی ئێمە لە لایەن وەزارەتی ڕاگەیاند ، بۆ بیرەوەری لە دایکبوونی
ڕۆژنامەی کوردی ، وە دەرکردنی ئەم رابەرەی لە ژێر دەستایە بەڵگەیێکی ڕوونو

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

باشـــه بۆ هەولدانی دەولەت بـــۆ پێشخستنو پشت گـــرتنی باری ڕۆژنامەگـــەری کوردیمان ..

کارگێڕیی گشتی ڕۆشنبیریی کـــوردی ، کـــه یەکێکه لـــەو دەستکەو تانەی بەیـــانی یازدەی ئادار ، بەختیارە بەوەی کـــه وەزیری ڕاگەیانـــدن پیشانگەی ڕۆژنامەگەریی کوردی خستە ئەستۆی خۆیو لە ژێر چاودێری خۆی دەیبا بەرێوە .

بەستنی ئەو پیشانگەی ئێمـــه لەم ســـاڵەدا خۆپیشاندانێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازە لـــه جووڵانـــەوەی ڕۆشنبیری کوردیمانو هاوپشـــکیێکی دوو قۆڵیە بۆ چارەسەر کردنو گەیشتنە ئاواتی دوورو نزیکی هەر دوو نەتەوەکەمان کوردو عەرەب .

لە پیشانگەی ڕۆژنامەگەریی کوردی نموونەی زۆربەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەم ڕابەرەدا ناویان هاتووە تێدا دەبینرێ .

ئەو کتێبەی ئێمە کە لەژێر دەستایە « ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی » کـــه بە سێ زمان عەرەبیو ئینگلیزی کوردی چاپکراوە ، تەنیا ڕابـــەری پیشانگاکەمان نیە ، بەڵکو دەستدەدا بکرێ بە سەرچاوەیێکی مێژوویی بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردیو کەڵێنێکی گەورە لە کتێبخانەی کوردیو عیراقیدا پڕ بکاتەوە ..

سڵاوێکی بۆنخۆش بۆ بیروەریی (٧٥) ساڵەی لە دایكبوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی .

سڵاوێکی گەرم بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەشداریان کردووە ، بەهەرجۆرێك بێت ، لـــه ڕێكخستنو ئامادەکردنی ئـــەم پیشانگایە .. یەکـــەمین پیشانگەی ڕۆژنامەگەریی کوردی ...

کارگێڕیی گشتی ڕۆشنبیری کوردی

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library